# بەلاغی کۆتایی کۆبونەوەی گرووپی هەوڵدانی ژنانی کورد

بەپێی کۆنفرانسی ژنانی کورد لە ڕۆژانی ٢۴ و ٢٥ی نیسانی ٢٠١٠ کە لە شاری گەورەی ئامەد ئەنجام درابوو، کۆمیتەک بە نوێنەرایەتی ژنانی هەرچوارپارچەی کوردستان بەناوی گرووپی هەوڵدانی ژنانی کورد بۆ ئامادەکردنی کۆنفرانسی دووەمی هەڵبژێردرا. بە ئامانجی پێکهێنانی بڕیارەکانی کونفرانسی یەکەم و ئامادە کاری بۆ کونفرانسی دووهەم ئەم گرووپە کۆبونەوەی خۆی لەڕۆژانی ١٨ و١٩ ی ئەیلولی ٢٠١٠ سازکرد.پاش دووڕۆژ گفتوگۆ کردن وگۆرینەوەی بیروڕای جیاواز سەبارەت بە گەلێ پرسی گرنگی نەتەوەیی و بەتایبەتی پرسەکانی ژنان دەرئەنجام ئەم بڕیارانەوەرگیرا.

A :

ئەم گرووپە بێ وچان کار بکات بۆ ڕاگرتنی شەڕو بەرقرار بوونی ئاشتیەکی شکۆدار و هەمیشەیی لە کوردستاندا، ئاشکرایە لە هەمووجیهاندا ژن پشکی شێری لە شەڕو توندوتیژی ودەرئەنجامەکانی شەڕبەرکەوتووە، ژنی کوردیش وەکو ژنی هەموو جیهان و بەهەستکردنمان بەو ئەرکە مێژووییەی لەسەرشانمانە بۆبینی ڕۆڵی ژن لە بەرقەراربوون و دەستەبەر کردنی ئاشتی لە کوردستاندا بە گشتی و بە تایبەتی لە باکووری کوردستان بڕیارمان گرت کە:

١. ئاراستە کردنی نامەیەک بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان
٢. ئاراستە کردنی نامەیەک بۆ کونگرەی ئیسلامی جیهانی
٣. ئاراستە کردنی نامەیەک بۆ سەرۆک کۆماری تورکیا
۴. اراستە کردنی نامەیەک بۆ کۆما جڤاکێن کوردستان

B :

بە مەبەستی پەلە کردن لە ئەنجام دانی کونفرانسی نەتەوەیی کورد لە سەر ئاستی هەموو بەشەکانی کوردستان بڕیار درا بە سازدانی لۆبی ژنی کورد بۆ سەردانی سەرکردایەتی پارتە سیاسی و بزووتنەوە جیاکانی هەموو کوردستان.

C:

ئاوا کردنی ناوەندێکی نەتەوەیی ژنی کورد لە سەر ئاستی هەر چوار بەشی کوردستان بۆ چارەسەر کردنی پرسی نەتەوەیی و ڕەگەزی ژن.

D:

بەستنی کۆنفرانسی دووەمی ژنی کورد لە هەرێمی کوردستان لە سەرەتای ساڵی ٢٠١١

## گروپی هەوڵدانی ژنانی کورد

١. لەیلا زانا_ خاوەنی خەلاتی ساکارۆڤ
٢. ئالا تالَبانی_ ئەندامی پارلمانی عیراق لە سەر لیستی ی.ن.ک
٣. شیرین ئامێدی_ ئەندامی "پ.د.ک"و  سەفیری ئاشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەرێمی کوردستان
٤. دوکتور کەژال رەحمانی_ ئاکادمییک
٥. فاتیمە کورتەلان_ ئەندامی پارلمانی تورکیە لەسەر لیستی ب.ت.پ BDP
٦. ئامینە زکری_ ئەندامی پارلمانی کوردستان لە سەر لیستی پ.د.ک
٧. فەلەکناس ئووجا_ ئەندامی خولی پێشووی پارلمانی ئەوروپا
٨. ناسک تۆفیق_ ئەندامی پارلمانی کوردستان لە سەر لیستی یەکگرتووی ئیسلامی
٩. سەبری بەهمەنی_ ئەندامی بەرێوەبەری کۆمەڵە_پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان
١٠. سەیران عەبدوڵا_ نوێنەری بزووتنەوەی گۆڕان
١١. یوکسەل ئاکشەر_ جێگری سەرۆکیkadep
١٢. زۆزان ئێکمن_ کۆمەڵناس و نوێنەری حیزبیHak-par
١٣. چاغلەر دێمیلەر_ سەرۆکی شارەوانی دێرک
١٤. حەنیفە هەبوون_ چالاکڤان لە بواری ژنان
١٥. عایشە گوڵ دۆغان_ رۆژنامەوان
١٦. رێحان یالچینداغ_ پارێزەری رێکخراوی پاراستنی مافی مرۆڤـ
١٧. نەجیبە عومەر_ نوێنەری پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان
١٨. نەرمین عوسمان_ ئەندامی یەکێتی نیشتمانی کوردستان

**دهۆک**

٢٠١٠/٩/١٩

